# جەهل و بەرگریکارانی

## لە پەراوێزی وتارێکی (بەختیار عەلی)دا

**ڕێبوار ڕەزا چوچانی**
rebwarreza1983@yahoo.com



یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی مرۆڤ خۆ نەناسینە، کاتێك مرۆڤ خۆی نەناسی ئیتر ناشتوانێت شارەزای توانستەکانی خۆی بێت، ئەوکات نازانێت لە چ پێگەیەکدایە و ناشزانێت ئەو لە چ بوارێکدا دەتوانێت کار بکات، نازانێت ئاستی رۆشنبیریشی چەندە، ئالێرەوە ئیتر جەهل وەك پەتایەك تەواوی تێفکرین و تێڕوانینەکانی توشی داهێزان و دارِمان دەکات، سوکرات دەڵێت" جیاوازی من لەگەڵ خەڵکیدا لەوەدایە کە من دەزانم نازانم، بەڵام ئەوان نازانن کە نازانن"، بەڵام ئایە خەڵکی ئێمە دەزانێت کە نازانێت؟، ئایە دەیەوێت ئەو راستیە بزانێت کە نایزانێت؟، ئەمە بابەتێکە و دەبێت زیاتر بوروژێنرێت، چونکە ئەو کاتەی کە رێژەیەکی بەرچاو لە مرۆڤ مەحکومی ئەو حاڵەتە بوو ئیتر کۆمەڵگاش دەبێتە بەرهەمهێنەری جەهل، ئەو کاتەش کە جەهل دروست بوو و بوبە تاکە دیاردەیەك کە لە کەمترین کات و کورت ترین مەودادا، پانتاییەکی گەورەی بیرکردنەوەی مرۆڤی داگیر کرد و بوبە بناغەیەك بۆ دروست بونی گەمژەیی، ئیتر هەرچی بواری مەعریفە هەیە دەکەوێتە بەر مەترسی تیاچون و فەوتانەوە، زۆر جاریش هەموو ئەو داودەزگا مەعریفییانەی کە هەن دور لە ئیرادەی و ویستی خۆیان دەکەونە ژێر تەئسیراتی جەهلەوە، ئێستا لە کوردستاندا کام دەزگامان هەیە کە کار کردی سەرەکی بەرهەمهێنانی مەعریفە بێت، کام دەزگای رۆشنبیریمان هەیە پەتای جەهل نەیگرتبێتەوە و توشی نەخۆشی گەمژەیی نەکردبێت، کام لە بەرێوەبەرانی ئەو دەزگایانە نەخۆشی خۆ بە گەورەیی بینین لێنەدابن و خۆیان وەکو سۆپەرمانێك نەیەتە پێش چاو، لە کاتێکدا زۆربەیان ئەگەر روبەڕوی دایەلۆگێکی فیکری ببنەوە، دەردەکەوێت کە نەك رۆشنبیر نین، بەڵکە دەگەیتە قەناعەتێك کە لە جاهیلێکی قیت و قۆز زیاتر هیچی تر نین، لێرەدا هەست بەوە دەکەین کە زۆربەی خەڵکی ئێمە هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان بناسن، هێشتا نەیانتوانیوە پرسیار لە بونی خۆیان بکەن، پرسیار لە بارەی ئەو پەیوەندیانەوە بکەن کە رۆژانە پەیرەوی لێدەکەن، پرسیار لە بارەی ئاین و خوداوە بکەن، پرسیار لە بارەی هەڵچون و ئارامیەکانیانەوە بکەن، پرسیار لە بارەی ئەو توندوتیژیانەوە بکەن کە ئاین ئەنجامیان دەدات، پرسیار لە بارەی خۆ بە نوێنەری خودا زانینی مرۆڤەوە بکرێت، کە لەم رێگەیەوە کار دەکرێت بۆ بە مێگەل کردنی تەواوی مرۆڤایەتی، پرسیار لە بارەی ئایدیۆلۆژیا و حیزب و دەسەڵات و شێوازی حوکمڕانی ئینسانەکانەوە بکرێت، کە دەسەڵات گەورەترین و سەرسەختترین دەزگای خەساندنی مرۆڤە، گەورەترین و قایمترین هێزی لە ناوبردنی حەز و خولیا و ئارەزو وتوانستەکانی مرۆڤە، تاکە هێزێکە کە کار لەسەر بێحورمەت کردنی ئینسان و لە ناو بردنی شکۆ و هەیبەتەکانی ئینسان دەکات، تاکە هێزێك کە کار لەسەر بێبایەخکردنی ئینسان و هەوڵی تۆراندنیان بکات دەسەڵاتە، دەسەڵات لە هەموو بوارێکدا ئەسپی خۆی تاو دەدات بۆ ئەوەی رێ لە دروستبونەوەی بیرکردنەوە بگرێت کە لای ئینسانەکان دروست ببێتەوە، رێگە دەگرێت لەو هەوڵانەی کە بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیری کۆمەڵگا دەدرێت، لە زۆر حاڵەتیشدا دەسەڵات

خۆی هەوڵی باڵابونی جەهل دەدات.

ئەو کاتەی جەهل دەست دەگرێت بەسەر پانتایی بیرکردنەوەکانی مرۆڤدا، ئیتر هەرچی دنیابینی نویٚ و تێفکرین و تێڕوانینی نوێیە، لە لایدا بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێت و هەمویان دەکەونە بەر هەرەسی تیاچون و داڕمان و فەوتانەوە، هەر ئەو کاتە مرۆڤ مەحکوم دەبێت بە ژیانێك لێوانلێو لە گومان لە ئاست مرۆڤ بونی خۆیدا، چونکە جەهل یەکەم کاری لە مرۆڤ خستنی مرۆڤ و لە ناو بردنی توانستەکانی مرۆڤە لە هەر بوارێك کە دەکریٚ هەوڵی تێدا بدات بۆ دروست کردنی گۆڕان و لە ناو بردن و سڕینەوەی هەر یاسا و ڕێسایەك کە لە بەهاو حورمەتی ئینسانی کەمبکاتەوە، ئینسان وەك بونەوەرێك کە بیر دەکاتەوە پێویستە لە سەری هەرچی حاڵەتێك کە هەیە و ریٚ لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنەکانی دەگرێت، بیخاتە بەر شیکاری و تێفکرین لە ئاستیاندا لە سەروی هەموو کردەوەکانی خۆیەوە دابنێت، تا حەقیقەتی هەموو ئەو شتانەی بۆ دەربکەوێت کە گومان لە ناو بیرکردنەوەکانیدا دروست دەکەن، بەڵام ئەو کاتەی کە جەهل خۆی فەڕز کرد بەسەر ژیان و کۆمەڵگا و بیرکردنەوەی تاکەکاندا، ئیتر دەرفەتێك ناهێڵێتەوە بۆ تێفکرین لە ئاست دیاردەکاندا، ئەو کاتە جەهل دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام وەرگرتنەکانی مرۆڤ و مرۆڤ جگە لە جەهل و ئەوکایانەی کە دەیبەنەوە سەر جەهل و گەمژەیی، ناتوانێت نیگا بەرەو هیچ ئاراستەیەکی تر بکات کە ببێتە فاکتەری دروست بونی تێڕوانین و تێگەیشتنێکی نویٚ، کە جیاوازتر بێت لە تێگەیشتنەکانی تری، ئەو کاتەی جەهل باڵی کێشا بەسەر هەر کۆمەڵگایەکدا ئەو کۆمەڵگایە مەحکومی تیاچونی فیکر و مەعریفە دەکات، لە هەر کۆمەڵگایەکدا جەهل باڵا دەست بوو ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە ئاشنای نەبێت فیکرە، جەهل هەمیشە کار لە سەر بێبایەخکردنی ڕەهەندە فیکرییەکان دەکات، لەوێدا مرۆڤ ناتوانێت بیر بکاتەوە چونکە جەهل بۆ خۆی کارخانەی لە کارخستنی ڕەهەندە عەقڵانییەکانی مرۆڤە، جەهل کاتێك دەستی گرت بەسەر بوارە گشتیەکاندا زەمینەسازی دەکات بۆ دروستبونی فەوزای گەورە و دورمەودا، سەرلێشێوانێك دروست دەکات کە مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت ڕەگەزی سەرەکی بوار و کارە سەرەکیەکان دیاری بکات، ئەو کاتەی جەهل باڵادەست بوو، هیچ کام لە دەزگاکانی بەرهەمهێنانی مەعریفەش ناتوانێت کار لەسەر ساغکردنەوەی شوناسی خۆیشی بکات، هەر لەوێدا شوناسی تەواوی دەزگا و دامەزراوە مەعریفیەکانیش روو لە بزر بون دەکەن، چونکە جەهل خۆی دەخزێنێتە ناو هەناوی ئەوانیشەوە.

لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا کە حیزبسالاری ڕەگەزسالاری باڵادەستە، جەهل دەتوانێت بە ئاسانی خۆی بخزێنێتە ئەو جێگایانەش کە دەکرێت جێگای ئەو نەبێت، چونکە سروشتی ئەو کۆمەڵگایانە زەمینەسازی دەکات بۆ گەشە سەندنی جەهل، لەویٚ کار لەسەر دۆزینەوەی ئاراستەی نویٚ ناکرێت کە گەشەی بە کۆمەڵگا بکات و هەموو کارەکان لە سەر بنەمای پسپۆڕی و کارزانی بەشێوەکی زانستی بەڕێوە ناچێت، بەڵکە کەسانێك دەبنە کاربەدەستی ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە کە هیچ لە وەزیفەکانیشیان نازانن، لێرەوە بەرپرسیارەتیەکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیرانیش، چونکە ئەوە ڕۆشنبیرە هەست بەم مەترسیانە دەکات، بەڵام زۆرینەی ڕۆشنبیرانی ئێمە تەنها لە بەرخاتری مانەوەی بەرژەوەندییە شەخسیەکانی خۆیان پەنا بۆ بیدەنگی دەبەن لە ئاست هەر دیاردەیەکی ناتەندروستدا، کە زیانی بۆ کۆمەڵگا و مرۆڤایەتیش هەبێت، هەندێك لەو بە ناو ڕۆشنبیرانەی ئێمە نەك هەر نەیانتوانی لە رابردو و لە ئێستاشدا، ببنە هۆکاری بە ئاگا هێنانەوەی کۆمەڵگا لەو حاڵەتە پڕ مەترسیانەی کە ڕوبەڕوی مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی بوونەتەوە، بەڵکە هەر

خۆیشیان دەستیان هەبوو لە بەخشینی رویەکی موقەدەس بە ئەنجامدەرانیان، ئەوانە بە بێئاگایی خۆیانەوە بونە بەشێك لە بەرهەمهێنەرانی جەهل و گەمژەیی، ئەوانە بونە هۆکاری ڕاوەستانی کۆمەڵگا لە هەنگاونان بەرەو پێشکەوتنی زیاتر و کرانەوەی زیاتری کۆمەلایەتی بە روی ئەو کەناڵە تازانەی ژیان، کە لە هەموو رویەکەوە هێرش دەکەنە سەر کۆمەڵگا داخراوەکان و دور لە ویست و ئیرادەی هەر کۆمەڵگایەك، دەروازەکانی دەشکێنن و بە شێوەیەکی کتوپڕ بە روی جیهاندا دەیکەنەوە، بۆیە دەکرێ ئەوانە بە هۆکاری سەرەکی هەر حاڵەتێکی سلبی بزانرێن کە روبەڕوی کۆمەڵگا بونەتەوە لە رابردودا، ئەوانە بونە هۆی بالادەستی جەهل و گەمژەیی و بە بەردەوامیش کار بۆ مانەوەیان دەکەن و هەوڵی بەخشینی رویەکی موقەدەسیش دەدەن بەو کەنالانەی کە هەمیشە خەریکی بەرهەمهێنانی جەهل و گەمژەیین، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە جەهل و گەمژەیی لێرە خاوەنی دەزگای بەناو فەرهەنگین، ئەوان دەیان نوسەری بێفکریان هەیە، لێرە خاوەنی رۆژنامە و رۆژنامەنوسی روکەشن، خاوەنی ئەمیر و سوڵتانن و هۆردویەك بەرگریکاریان هەیە، خاوەنی مورید و تەکیە و پەرستگان، خاوەنی واعیزی درێژ دادڕ و بێزارکەرن، خاوەنی کەناڵی ئالووالان بۆ مانیفێست کردنی خۆیان، خاوەنی بەرپرس و پرسپێکراون، خاوەنی قوتابخانە و قوتابی فێربونی جەهل و گەمژەیین، جەهل لێرە تا تەوێڵی زۆربەی ئینسانەکان هاتووە و لە هەناوی خۆیدا غەرقی کردون و ناهێڵێت بۆ ساتێکیش بێت بیر بکەنەوە، هەرچی گەمژەییە دەسەلاتی تەواوی هەیە بەسەر شکۆ و حورمەتەکانی ئینساندا و ئەو تەحەکوم بە ژیانی ئینسانەکانەوە دەکات، جەهل لێرە روبەرێکی وای گرتووە کە ئینسان ئەوەندەی بەلای ئەمدا رێدەبڕێت نیو هێندە نایەوێت بونەوەرێکی عەقلانی بێت، جەهل لێرە دەستی گرتووە بەسەر ناوەندە ئەکادیمیەکانیشدا، وای کردوە گەمژەیی رو لەوانیش بکات و هەتا ئوستازی زانکۆشیان هەیە، ئەمانەش هەمویان بونەتە سەرمەشقی هەموو کایەکان و کۆمەڵگای کوردیان بەرەو کۆمەڵگایەکی داخراو و راوەستاو بردوە، لە هەمانکاتدا زەمینەسازییەك هەیە بۆ گەشە کردنی جەهل و بالابونی بەسەر رەهەندەکانی تردا، بۆیە ئێستا مرۆڤ نایەوێت ئەو پرسیارە جەوهەریانەی کە لای دروست دەبێت بیانکات، ئەو پرسیارانەی کە دەبێت مرۆڤ هەمیشە دوبارەیان بکاتەوە بۆ ئەوەی لە حەقیقەتی ئەو بابەتانە تێبگات کە تائێستا نەیتوانیوە تێیانبگات و یەکلاییان بکاتەوە.

## بەرگریکارانی جەهل

ئەو کاتەی جەهل بو بە سیستەم و بو بە خاوەنی دەزگا و دامەزراوە، ئیتر جەنگاوەریشی بۆ دروست دەبێت و کۆمەڵێکیش دەبن کە بەرگری لێبکەن و هەوڵی مانەوەی بە بەردەوامی دەدەن و ئامادەش دەبن کە لە پێناو مانەوەی جەهلدا گەورەترین تالاو بە مرۆڤ بچێژن و گەورەترین بارگرانی و فەزاحەت بهێننە سەر رێگای مرۆڤایەتی، ئەو کەسانەی کە بەرگری لە جەهل دەکەن، خاوەنی دنیابینیەکی تازە نین کە بە پێی گەشەسەندنەکانی ژیان و کۆمەڵگا و پێشکەوتنەکان لە ژیان و دەوروبەر بڕوانن، ئەوان هەمیشە هەوڵی داخرانی کۆمەڵگا و گەورەتر کردنی گرێ کوێرە کۆمەلایەتیەکان دەدەن، تا هەمیشە ئاغا و رەعیەتی، شوان و مێگەلی، ئەمیر و کۆیلەیی لە ناو ژیاندا بمێنێتەوە و ئەمانیش لە رێگەی ئەو هەولانەی کە دەیدەن بۆ مانەوەی ئەم

حاڵەتانە، پشکێك لە ئیمتیازات و رەفاهیەتیان بەربکەوێت، ئیتر گوێ نادەن بە لە ژێر پێنانی بەها گشتیەکانی کۆی کۆمەڵگایەك، گوێ نادەن بەو هەولانەی کە دەبێتە هۆی لە ژێرپێنانی شکۆی بەشەریەت، هەمیشە هەوڵی مانەوی ترادسیۆنە خێلەکیەکان دەدەن، هەوڵی مانەوەی بیروباوەڕە تاریکەکان دەدەن، هەوڵی مانەوەی دۆگمایی دەدەن لە ناو خەیاڵدانی مرۆڤدا و دەیانەوێت مرۆڤ هەمیشە وەك بونەوەرێکی خاڵی لە فیکر و روانین بمێنێتەوە، تا هەمیشە وەك کالایەك بازرگانی بە مرۆڤ و ئیحساسەکانیەوە بکەن، بازرگانی بە سەروەت و سامانەکانیانەوە بکەن و ئەوانیش هەستی پێنەکەن، بۆیە بەرگریکارانی جەهل بەو پەڕی هۆشیاریەوە کار دەکەن بۆ پەخش کردنی جەهل و بلاو کردنەوەی گەمژەیی، ئەوان دەزانن هەر کۆمەڵگایەك روی لە جەهل کرد و سەری کردە جەهل و گەمژەیی، کۆمەڵگایەك دەبێت کە ناتوانێت خۆی لەو گرفتانە دەرباز بکات کە روی موقەدەس بون دەبەخشنە مرۆڤە سەردەستەکان و بیروباوەڕە کوێرەکان، ئەگەر واش نەکەن تەواوی بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوە، چونکە کۆمەڵگایەکی هۆشیار و کامڵ هەرگیزاوهەرگیز رازی نابێت بەوەی کە نەزانی باڵبکێشێت بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانکردن تێیدا، رازی نابێت بەوەی کە سەردارەکانی لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن بە دنیای نوێ و ژیانی نوێ و کرانەوە بەردەوامەکانی دنیا ئاشنایان بکەن، بەلام هەوڵی ئەوان تەنیا و تەنیا ئەوە بێت، کە هەمیشە کۆمەڵگاکەیان لە ناو وێرانەیەکی کەلتوری و مەعریفیدا بتلێتەوە، هەمیشە لە ناو ژیانێکی تاریکدا خۆیان ببیننەوە و نەتوانن ئاراستەیەك بدۆزنەوە کە بەرەو روناکی بیانبات و هیچ نەبێت تروسکاییەك بە ژیانیان ببەخشێت، بۆیە بەرگریکارانی جەهل هەمیشە لە ترسی ئەوەدان کە کەسێك سەرهەڵبدات و باسی بەرەنجامەکانی جەهل و گەمژەیی بکات، هەرکاتێکیش ئەمە رویدا ئیتر بە هەموو توانایەکیان هەوڵ دەدەن رێگە بگرن لە گەیشتنی بۆ چونەکانی کە دەبنە هۆی بە ئاگا هێنانەوەی کۆمەڵگا لەو حاڵەتانە، ئەوە بەرگریکارانی جەهلن باس کردن لە جەهل دەگێڕنەوە بۆ ئاین و بڕیارێکی موتڵەق دەدەن لەوەی کە تەنیا ئاینەکان ئەو مافەیان بە خۆیانداوە کە جەهل بەرانبەر بە نەیارەکانیان بەکار بهێنن، بەرگریکارانی جەهل هەمیشە هەوڵی موقەدەس کردنی شتەکان دەدەن، تا دەرفەتی گومان کردن لە ئاستیاندا نەمێنێتەوە و گفتوگۆ هەڵنەگرن، بۆیە هەرچی هەوڵیان هەیە لەو چوارچێوەیە تێناپەڕێت.

ئەو کاتەی جەهل بەرگریکەری بۆ پەیدا بوو، ئیتر بە ئاسانی دەتوانێت گەشە بکات و خۆی بسەپێنێتە نێو بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤانەی کە لە ژێر تەئسیراتی بەرگریکارانی جەهلدان، بەلام مەترسی لەوەدایە کە ئێستا ئەو دەسەلاتەی کە کاروباری ئینسانەکانیان گرتۆتە ئەستۆ، هەوڵی مانەوەی جەهل و گەمژەیی دەدات، ئەو لە رێگەی بالا کردنی جەهلەوە هەوڵی مانەوەی شکۆی خۆی دەدات، لەو رێگەیەوە دەوێت زۆرترین مرۆڤ مەست بکات تا لە ئاست هەموو ئەو ناعەدالەتیانەدا بیرنەکەنەوە، کە ئەمڕۆ لە هەموو بوارەکاندا پەیڕەوی دەکات، هەر لە ناعەدالەتی کۆمەلایەتیەوە هەتا ناعەدالەتی لە بەخشینی هۆکارەکانی ژیانکردن و هەتا هەموو ئەو ناعەدالەتیانەی کە لە تێکڕایی بوارەکانی تریشدا پەیڕەو دەکرێت، بەلام ئەگەر ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگا لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ئەوا ناتوانن بەو شێوەیەی کە ئێستا پەیڕەوی لێدەکەن، هەوڵی تیرۆر کردنی عەقڵ و لە ژێرپێنانی حورمەتەکانی ئینسان بدەن، ناتوانن وەك ئێستا کە هەیە دەست بگرن بەسەر تەواوی ئابوری ولاتەوە و بە ئارەزوی خۆیان مامەڵەی پێوە بکەن، ئەوە بەرگریکارانی جەهلن کە رێ لە هەنگاوەکانی پێشکەوتنە سەردەمیەکان دەگرن و هەوڵ دەدەن هەمیشە کۆمەڵگا لە ناو جەهلدا غەرقی نەگبەتی ببێت و ناهێڵن لە هەموو

بڕیارەکانیدا، ڕەچاوی لایەنی عەقڵانی بکات و عەقڵ لە سەروی هەموو شتەکانیەوە دابنێت، تا بە شێوەیەکی دۆگماییانە بە دوای ئایدیۆلۆژیا و پرۆژە سەقەتەکانی دەسەڵاتی سیاسی نەکەوێت و بیرکردنەوە لە ئاست هەموو گەندەڵیەکانیاندا بکات و ڕوی ناشیرینی ئەو بەناو ڕۆشنبیرانەیان بۆ ڕون ببێتەوە کە هەمیشە خەریکی وێرانکردنی عەقڵی مرۆڤ و لە ناو بردنی حورمەتەکانی ئینسانن، خەریکی بزرکردنی ئەو ئاراستانەن کە بەرەو کرانەوە و نوێ بونەوەی کۆمەڵگا و ئاراستەکانی بیرکردنەوە و دنیابینیەکانن و خەریکی هەڵبەستی حیکایەتی وەهمین بۆ موقەدەس کردنی جەهل و گەمژەیی.

---

تێبینی:

ئەم نوسینە لە ژمارە ( 370 )ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بلاو بۆتەوە